# * كۆواڵەیەکی ئازا *

نوسینی/ڕێبێکا جونسۆن
وێنە/ ستیڤ پاریش

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

کۆواڵەیەکی بچکۆلانە حەزی لە گەڕان و چوونە دەرەوە بوو.حەزی دەکرد بەسەر پشتی دایکیەوە گەشتی دوور و درێژ بکات
بۆ گەڕان و سۆراخی گەڵای بەتام و بینینی کۆواڵەی تر.
ڕۆژێکیان کۆواڵە بچکۆلەکە لە دایکی پرسی((دایکە،ئایا ئەتوانین بچین بۆ گەشت و گەڕان ؟))
دایکی وەڵامی دایەوە((ئۆه کۆواڵە بچکۆلەکەم ئەمڕۆ زۆر گەرمە))
کۆواڵە بچکۆلەکە وتی((باشە..من ئێستا گەورەم و ئازام...بەتەنها ئەڕۆم))
دایکی گوتی ((ئا ئەوها.. باشە بڕۆ))
کۆواڵەکە ڕۆیشت و زۆر بەورياييەوە لەدارەکە هاتە خوارەوە و مامی کۆواڵە بچکۆلەکەش لەدارێکی نزیکەوە لێی دەڕوانی و لێی پرسی((ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی کورە گە نجەکە؟))
کۆواڵە بچکۆلەکە بەشانازییەکەوە((من گەورە و ئازام،من بەتەنها گەشت ئەکەم))
مامەشی وتی((ئا...ئاوها....))
کۆواڵە بچکۆلەکە لەسەرەخۆ و زیاتر لەدارەکە هاتە خوارێ بەتەنیشت دا پیرەیدا گوزەری کرد.
دا پیرەی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و گوتی((ئۆه کۆواڵە ئازیزەکەم..بۆ کوێ دەڕۆی؟))
کۆواڵە بچکۆلەکە وەڵامی دایەوە((من ئێستا گەورە و ئازام. )) بەدەنگێکی بەرز((من بەتەنها گەشت دەکەم)).
دا پیرەی گوتی(( ئا...ئاوها...))
کاتێك گەیشتە خوارەوەی دارەکە ،بەخێرایی ڕای کرد بەرەو دارێکی تر و پیایدا هەڵگەڕا.
لەناکاو باپیری لێ پەیدا بوو و لێی پرسی((ئەوە بەتەنها بۆ کوێ دەڕۆی؟))
کۆواڵە بچکۆلەکەش وەڵامی دایەوەو وتی((وەك دەزانی من ئێستا گەورە و ئازام،من بەتەنها گەشت دەکەم)).

باپیرەشی وتی((ئا...ئاوها...))((ئەی ئەو مارە گەورەیەش لەگەڵ تۆدا گەشت



دەکات؟))

کۆواڵە بچکۆلەکەش بەکاوەخۆ ڕوانییە سەرەوەو مارە گەورەکەی بینی کە ئەیفیشاند.



((فریام کەون !)) کۆواڵە بچکۆلەکە هاواری لێ هەڵسا وپێی لەلقی دارەکە هەڵخلیسکا.



کۆواڵە بچکۆلەکە بەپەلە و تاتوانی بەخێرایی هاتە خوارەوەی دارەکە گوتی((خوا حافیز باپیرە)) و چوو هەڵگڕا یەوە بە دارەکەی خۆیان و گوتی((خوا حافیز داپیرە)) و

بەهەناسەبڕكێ یەكی زۆرەوە بەدارەكەدا هەڵگەڕا بۆ سەر سەرەوەو لەئاست

مامیداگوتی((خواحافیز مامە)) و تا گەیشتە سەر دارەكەو خۆی هەڵدایە سەر پشتی دایكی



دایكی لێی پرسی((بزانم زوو گەڕایتەوە؟))

كۆواڵە بچكۆلەكە گوتی((وەك دەزانی ئەمڕۆ زۆر گەرمە دایكە گیان)).

سەرچاوە/

Brave Koala
Story by Rebecca Johnson
Photo by Steve Parish
Printed in Australi 2003